

**بۆ كۆڕەو**

ئەمرۆ پشووم

وەك هەناسەی كۆڕەو تەنگە.
خەونم خلیسكو قوڕاوی
بەپێی هیچیان ناكا.
رۆحم وەك دڵۆپە باران
بە لاجانگی نێرگزێكەوە
پلووسكەی بەستووە.
چاوم لەوێ
بەئەگریجەی ئازارێكەوە بە جێما،
دڵم
لەژێر پێی خەمێكی ئەنگوستە چاو.
خەیاڵم لەو ڕۆژەوە
بەلایلایەی دەنگێكەوە شەقار شەقار.
وای لەمنێ
لە خۆم هەناسە سوار
لە كورد غەریب و بێكەس و قەلەندەرێ .

بۆیادی كۆڕەوەكەی ساڵی (١٩٩١) نووسراوە